
# نووسینەوەی بینینەکانی ئەوێ

کامەران سوبحان



**براد فۆرد... شاری چیرۆکە سەیرەکانم**

دوای گەڕانەوەم لەو سەفەرەو بە نزیکەی دە ڕۆژ، یەکێک لەو هاوڕێیانەم کە لە بەریتانیا ماوەیەک پێکەوەبووین و نزیکەی دەساڵێک دەبوو نەمبینیبوو، لەوێوە ئیمێڵێکی بۆ کردبووم، لەو ئیمێڵەدا لێمدەپرسێت سەفەرەکە بەگشتی و مانەوەت لە (براد فۆرد) لای تۆ چۆن بوو؟ منیش لە وەڵامدا بۆم نووسیووە (براد فۆرد.. شاری چیرۆکە سەیرەکانم، هاوڕێ گیان من لە براد فۆرد زۆر شتی جوانم بینی، شانۆ و باخچە، سینەما و زانکۆ و هاوڕێ و....هتد) ئیمێڵەکەم زۆر دووررودرێژبوو، ئەم دێڕانە بەشێکی زۆر کەمی وەڵامەکەی من بوو بۆ ئەو.

من لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا کە لەو شارەدا بووم تووشی چیرۆکی سەیر سەیر بووم، هەر بۆیە ئەو شارەم ناونا شاری (چیرۆکە سەیرەکانم) ڕەنگە هەندێکیان لەبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هەندێ لەبەر بارودۆخی سیاسی و هەندێکیشیان پێویست نەکات بینووسمەوە.

براد فۆرد شارێکی قەشەنگی بەریتانیایە، هەرچەندە هەندێک لە ئینگلیزەکان خۆشییان پێنایە، چونکە پێیان وایە هاووڵاتی ئینگلیز ئێستا بووەتە کەمیینە لەو شارەدا، ئەمیش بەهۆی ئەوەی دوای جەنگی جیهانیی

دووەم و هاتنی بە لێشاوی پاکستانییەکان بۆ ئەو وڵاتە ئەم شارە و هەندێ شاری تریش بێگانە بوونەتە زۆرینەیەکی ڕەها لەو شارانەدا، ئێستا باسی ئەوە دەکرێت نزیکەی ٤ملیۆن هاووڵاتیی پاکستانی لە بەریتانیا هەیە و بوونەتە هاووڵاتی بەریتانی، هەمان ماف و ئەرکێکیان هەیە کە هاووڵاتییەکی بەریتانی هەیبێت ژمارەی کۆچی پاکستانییەکان دوای جەنگی جیهانی دووەمی بۆ بەریتانیا تا ئێستا لە چاو زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا زۆرترین ژمارەیە، ئەمەش وایکردووە ئەوان وەک پاکستانی لە چاو پەناهەندەکانی تری ئەو وڵاتە زیاتر لە شوێن و ئۆرگانە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە.



براد فۆرد، نزیکەی ٢٥کم لە شاری مانچستەرەوە دوورە، دەکەوێتە نێوان شاری (مانچستەر و شاری لیدز)ەوە، ئێستا بە پێی هەندێ سەرژمێری نا ڕەسمی ڕێژەی ئینگلیز لەم شارەدا کەمینەیە و پاکستانی زۆرینە، بە جۆرێک کە دەچیتە براد فۆرد لە زۆر جێگەی ئەو شارەدا هەستناکەیت لە بەریتانیابیت، وا هەستدەکەیت لە پاکستان دەژیت (سۆپەر مارکێت، شۆفێری تاکسی، دوکاندار، قاوەخانەکان، فەرمانبەرانی دەوڵەت) زۆربەیان پاکستانین و بە هەمان جلوبەرگی پاکستانەوە لەو شارەدا دەژین، بە بێ ئەوەی یەک هاووڵاتیی ئینگلیز یان بیانی بۆی هەبێت بچوکترین قسەو گاڵتەیان پێبکات، تەنانەت زۆرێک لە دوکانەکانیش بە زمانی پاکستانی ناوی کەرەستەکانیان نوسیووە.. شەوێک لە یەکێک لە بەرنامەی تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانی بەریتانیادا باسی ئەو ئافرەتە سەرپۆشبەسەرانەی دەکرد کە شۆفێری ئۆتۆمبێلن (دیارە زۆربەی ئەو ئافرەتانە نەک سەرپۆش بەسەرن، بەڵکو پەچەش بە ڕووخساریاندا دادەدەنەوە لە کاتی شۆفێریدا تەنها هەردوو چاویان دیارە) پۆلیسێکی هاتووچۆ گازەندەی ئەوەی دەکرد کاتێک ئەم خانمانە سەرپێچییەکی هاتوچۆدەکەن و داوای مۆڵەتی شۆفێرییان لێدەکەین، نازانین ئایا ئەو وێنەیە کە بە مۆڵەتەکەوەیە ئەو کەسەیە یان نا! چونکە ئێمە ڕووخساری شۆفێرەکە نابینین بەهۆی پەچەکەی کە بەسەر ڕووخساریدا دایداوەتەوە، داوای ئەوەی دەکرد کە یاسایەک دەرچێت هەر هیچ نەبێت با لە کاتی داواکردنی مۆڵەتی شۆفێریدا ئەو پارچە قوماشەی کە بەسەر ڕووخسارياندا شۆڕیانکردووەتەوە لایبەرن و پۆلیس بزانێت ئایا ئەو وێنەی مۆڵەتەکە ئەوە یان نا!!

دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەو یاسا و سیستەمە پێشکەوتووەو ئازادییە ڕەهایەوە هەیە کە لە یاسا و دەستووری ئەو وڵاتەدا بۆ سەرجەم هاووڵاتییان دابینکراوە.

لە براد فۆرد نزیکەی ٨٠ مزگەوت هەیە، ئەمە جگە لە دەیان دەزگا و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی ئیسلامی و ناوەند و شوێنی تری کاری ئیسلامی و لە ناو ئەو دەزگایانەشدا زۆر بە ئازادانە موسڵمانە پاکستانی و بیانییەکانی تری ئەو وڵاتە مومارەسەی ئازادیی خۆیان دەکەن..

ئەوەی من سەرنجمدا زۆرێک لە کوردەکان ڕقیان لە پاکستانییە، تا ئێستا چیرۆکی دەیان شەڕی نێوان کورد و پاکستانییەکان لەو وڵاتەدا دەگێڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەو شەڕانەشدا چەندین کورد و پاکستانی بوونەتە قوربانی، زۆربەی ئەو شەڕانەش لەسەر دوو شت بوون (پارە و ئافرەت) بە تایبەتیش ئەو شەڕانە لەو کاتانەدا زۆربوون کە ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور بوو، کە شەپۆلێکی زۆری هاووڵاتی کورد بەرەو ئەو وڵاتە ڕۆیشتن،

ئەگینا زۆرێک لە کوردەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە هەشتاکان و تا سەرەتای نەوەدەکاندا ڕوویان لەو وڵاتە کردووە، من قسەم لەگەڵ هەندێکیان کرد، هیچیان ئەو گرفتەیان نەبووە، تەنانە دەگێڕنەوە تا ساڵی ١٩٩٢ ساڵانە پێشبڕکێ کراوە بۆ بێکێشەبوونی پەنابەر لە بەریتانیادا، چەند ساڵێک کوردەکان یەکەمبوون، بەڵام دوای ئەو ساڵانە دەیان کێشەی شەڕ و قاچاخچێتی و تەنانەت کوشتن و ژنکوژی لە ناو کوردەکانی بەریتانیادا تەشەنەی سەندووە، ئیدی لەو مێژووە بە دواوە کوردەکانیش وەک زۆر میللەتی تری بێگانە لەو وڵاتەدا لە ژێر چاودێری و پۆلیسدابوون. بۆیە ئەم ڕقە بۆ پاکستانی ئێستا زۆر بەڕوونی لە کوردەکانی ئەوێ دەبینرێت، لە بارەی شەڕکردن لە سەر پارە، بەو پێیەی زۆر پاکستانی لە بەریتانیا کاری بازرگانی و بزنز دەکات، کورد لە کارگە و کۆمپانیا و دوکان و پرۆژەکانیاندا ئیشدەکەن، لەسەر جۆری پارەدان و وەرگرتنی پارەو هەندێ کێشەی کارکردنەوە شەڕ لە نێوانیاندا دروستدەبێت، ئیدی نازانرێت ئایا کامیان لەو شەڕانەدا لەسەر هەقن، ئەوە جێدێڵین بۆخۆیان، بەڵام ئەم شەڕکردنە شەڕێکی زۆر باوی کورد و پاکستانییەکان بووە لەو وڵاتەدا.

لە بارەی مەسەلەی ئافرەتیشەوە، پاکستانییەکان میللەتێکی سونەتین. هەموو ژن و ژنخوازییەک لە ناو خۆیاندا دەکەن، حەزناکەن نە کوڕیان کچی بیانی بێنێت نە کچیشیان شوو بە بێگانە بکات، هەندێ لە گەنجە پاکستانییەکان بە کوڕو کچیانەوە ئەم حاڵەتەیان پێ رەفزە و زۆرجار کچێکی پاکستانی و کوڕێکی کورد دەبنە هاوڕێ و ئەم حاڵەتەش لای ئەوان هەڵسوکەوتێکی ناپەسەندە و شەڕ بە دوای خۆیدا دێنێت، چیرۆکی ئەم هاوڕێیەتییەی نێوان کوڕو کچە پاکستانییەکان یەکجار زۆرن (بەڵام لەبەر ئاکاری نووسین ناوی هیچ کەس نابەین) ئەو چیرۆکانە لە بەریتانیا هێندە زۆرن لەوێ بوونەتە چیرۆکی باوی ناو کوردەکان، جگە لەم حاڵەتەش نموونەی هاوسەرگیری و هاوڕێیەتیی نێوان کورد و پاکستانیش هەیە، ئەمە جگە لەوەی چەندین کورد ئێستا لە بەریتانیا هاوسەرەکانیان پاکستانین یان بە پێچەوانەوە، ئەمە یەکێک بوو لەو چیرۆکە سەیرانە کە لەوێ بیستم، ئەگینا من پێش بینینی براد فۆرد هەرگیز چیرۆکێکی وام نەبیستبوو.

لە یەکەم سەفەرمدا لە مانگی نیسان و ئایار ٢٠٠٩ دەرفەتم نەبوو لە برادفۆرد بمێنمەوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە هەشت کەس بووین لەو سەفەرەدا، دیارە دابڕانیش لە حەوت هاوڕێ لە وڵاتێکی بێگانەدا تۆزێک قورسە، ئەو دەرفەتەشم بە تەواوەتی بۆ ڕێکنەکەوت، بەڵام دووهەمین سەفەرم لە مانگی کانونی یەکەمدا کە بە تەنها خۆم بووم لە کوردستانەوە بۆ بەریتانیا، دەرفەتێکی زۆر زیاترم هەبوو بۆ مانەوە و گەڕان و بینینی (مۆزەخانەو کتێبخانە و هۆڵی شانۆ و پارک و شوێنە گشتییەکان) بەتایبەتیش من کە نزیکەی ١٥ ڕۆژ پێش سیمینارە هونەرییەکەم گەیشتمە بەریتانیا و سەرەتا لە هالیفاکس و دواتر لە برادفۆرد و ئەوسا لە لەندەن مامەوە.

ماوەی ئەو ١٥ ڕۆژە لەگەڵ (میرانی برام و سیروان شەریف و سەروەت حەمەساڵح) هەموومان لە ماڵێکدا دەژیاین، کە نزیک لە سەنتەری شاری براد فۆرد و چەند دەقیقەیەک دوور لە زانکۆی برادفۆرد، خۆشبەختانە جگە لە میرانی برام کە نزیکەی نیو سەعاتێک بە ئۆتۆمبێل لەو شارەوە دوور بوو، ڕۆژانە خەریکی ئیشکردن بوو، جگە لە شەممە و یەکشەممان نەبێت، ئیدی ئەوانی



مۆزەخانەی لیدز

تریان بێئیش بوون، ئەمەش دەرفەتێکی زۆری دا بە من بۆ بینین و گەڕان لەو شارەدا، بەیانییەک بۆ کارێکی پێویست ڕۆیشتینە زانکۆی برادفۆرد، شێوازی چوونە ژوورەوەی خوێندکاران و مامەڵەی خوێندکاران لەگەڵ یەکتر و جلوبەرگ و نەریتی خوێندن و هۆڵی وانەو خوێندنی ئەو زانکۆیە زۆر مۆدێرن و پێشکەوتووبوو، بە جۆرێک لەگەڵ چوونە ژوورەوەتدا هەست بەوە بکەیت تۆ لە ناو ئۆرگانێکی زانستیی باڵادایت، بە بڕوای من ئەم هەستە زۆر گرنگە لە نێوەندی خوێندن و ئەکادیمیدا هەبێت، کە بەداخەوە ئەم هەستە لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆکانی ئێمەدا بوونی نییە، لەو چوونە ژوورەوەمدا بۆ ئەوێ بە خەیاڵێک بەراوردێکی خێرای زانکۆکانی خۆمان و زانکۆی برادفۆردم کرد، نائومێدییەکی زۆر دایگرتم، بۆ ئەو برادەرانەم باسکرد، پێموتن تەنها بینینی ئەم شوێنانە بەسە بۆ نائومێدبوون لە وڵاتی خۆمان.ئەو زانکۆیە ژمارەیەکی یەکجار زۆری خوێندکاری بیانی لە عەرەب و کورد و تورکو هیندی و پاکستانیی تێدا دەخوێنن، هەندێ خوێندکاری زانکۆکانی کوردستانیش بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لەم زانکۆیە لە بواری (ئای تی و میدیا و زمان) دەخوێنن. بە هەردوو کامێرا فۆتۆکەم و کامێرا ڤیدیۆییەکەی کە پێمبوو وێنەیەکی زۆرم گرت، بە بێئەوەی هیچ کەس پێمبڵێت کاکە ئەوە چی دەکەیت؟ بۆ وێنە دەگریت؟ خۆ لەوێ وەک خۆمان نییە کە زومی کامێرات کردە هەر شوێنێک کەسێک پێت بڵێت کاکە وێنە مەگرە قەدەغەیە!

وەک لە یەکەم سەفەرماندا و لە کاتی هاتنەوەمان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی چەند هاوڕێیەک هاتبوون بۆ پێشوازیمان، لەو کاتەدا یەکێکیان ویستی وێنەیەکی فۆتۆمان بگرێت. ئاسایشێک هات وتی کاکە کامێراکەت لابە قەدەغەیە! ئەی خودایە ئەم کەسانە لای ئێمە چەند کورتبین و گوناهن، خۆم پێنەگیرا وتم کاکی خۆم بۆ قەدەغەیە خۆ ئێرە پنتاگۆن نییە؟! فڕۆکەخانەی هیسرۆ کە بە یەکێک لە گەورەترین فڕۆکەخانەکانی جیهان دادەنرێت لە ئاسمانی ئەو فڕۆکەخانەیەوە بۆ ناو فڕۆکەو فڕۆکەخانەو وێستگە و هەموو بەشەکانی ناو فڕۆکەخانە سەدان فۆتۆ و چەندین سەعات وێنەمان گرت کەس نەیووت قەدەغەیە، دیارە فڕۆکەخانەکەی ئێمە لەوان موهیمترە! ئاسایشەکە زۆر لە قسەکانم ڕاما، هیچی نەگووت پاش کەمێک وتی مامۆستا ببورە وەڵڵا ئەمرم پێکراوە کە وابڵێم. منیش هەر ئەوەندەم وت بەڕێز گیان بریا ئەو کەسەی ئەمری بە تۆ کردووە وێنەگرتن لەم شوێنەدا قەدەغەیە بڕۆشتایەتە دەرەوەی ئەم شوێنە و دەرەوەی ئەم زیندانەی ببینیایە ئەوسا دەیزانی ئەو لە چ زیندان و شونێکی بچووکدا دەژی.! ئەو هیچی نەگووت و ڕۆیشت. من خۆم لە ناخمدا بەو قسەیەی کردم تووشی گوناهێک بووم، هەستم کرد قسەکەم توند بوو، بەڵام دوای نزیکەی ٣٨ ڕۆژ بەجێهێڵانی کوردستان، مانەوەمان لە ئوردن و بەریتانیا ئەو جۆرە قسانەم ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییە گەورانەبوو، کە لە نێوان ئەوێ و ئێرەدا بینیمن.

بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژە دوای تەواوبوونی کاروباری ئەو برادەرەمان کە بۆ زمان لەو زانکۆیە دەیخوێند گەڕاینەوە بۆ بازاڕو دواتر بۆ ماڵەوە، وەک زۆرێک لە ڕۆژەکانی تر گفتوگۆبوو لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ چی بخۆین؟ زۆر خواردن باسکرا هەر ڕێکنەکەوتین لەسەری، زۆر هەوڵماندا بە تەوافقی ڕێکبکەوین لەسەر خواردنێک یان لە بازاڕ یان لە ماڵەوە خواردن دروستبیکەین، کۆتاییەکەی بڕیاری ئەوەماندا لە ماڵەوە خۆمان خواردن دروستبکەین، ڕێککەوتین لەسەر (نیسک) من وتم یەکێکم لە نیسکلێنەرە باشەکانی دونیا. ئەمزانی (سیروان و میران) ئەم قسەیەی منیان وەک زۆرێک لە قسەکانی ترم بە گاڵتە وەردەگرن، بەڵام دیاربوو لەو ماوەیەدا زۆر نازیان هەڵدەگرتم. بۆیە نیسکمان بردەوە و بڕیاردرا وەستا کامەران نیسک لێبنێت بۆیان! دوای نزیکەی سێ چارەکە سەعات چێشتێکم بۆکردن لە مەنجەڵێکدا (نیسک و ئاوو خوێ و پیازو هەندێ زەردەچەوەو داوو دەرمان و ڕۆن)م خستە

سەر ئاگر، بەو ئومێدەی لەو نیسکە دەربچێت کە خۆم پێشتر لە ماڵەوە لە کوردستان خورادوومە (من چووزانم نیسکیش لێزانین و هونەری خۆی هەیە) هەر دەیانووت چیبوو نیسک پێنەگەیشت؟ دەموت بابە پەلە مەکەن تۆزێکی ماوە با خەست بێتەوە. دواتر خواردنێک دەرچوو ناومان نا نیسک! نازانم لەبەر دڵی من بوو یان لە برسا تۆزێکیان خوارد و تۆزێک پێکەنین و تۆزێک گاڵتەو هێرشیان کردە سەرم، بەخوا ئەو شەوە سەلاجە چەندین جۆری بسکیت و کێکی تێدابوو، من تۆزێک زووتر نووستم ئەوان وەک پیشەی هەمیشەییان دەچوو بۆ سەعات یەک و دوو، بە دیار تەلەفزیۆن و بەرنامەوە دادەنیشتن، کە بەیانی هەستام داماوانە دنکیان لە بسکیت و کێکی ناو سەلاجەکە بڕیبوو، تومەز نیسکەکە کوشتبونی لە برسا!!

ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە تا هاتمە لەندەن و گەڕامەوە بۆ کوردستان، نەیانهێشت دەستبەرم بۆ مەنجەڵ و چێشت لێبنێم... وابزانم زۆربەی ڕۆژەکانیش لە ترسی نیسکەفەنی لە دەرەوە نانمان دەخوارد.

**[جانتای بەسەرهاتە نهێنییەکانم]**

لەوێ، دوای بینینی هەر شتێکی سەرنجراکێش، خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو چۆن ئەو دیمەنە لە ناو تێکستێکدا بنووسمەوە، بیریشم لەوە دەکردەوە دوای گەڕانەوە گەر حەوسەڵەی ئەو نووسینەم هەبوو، ئەوا وەک زۆرێک لە بەسەرهات و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی تری ژیانم سەرجەم بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەو سەفەرە لە دەفتەرە پەمەییەکەمدا تۆماردەکەم، بۆ ئەوەی ئەو نووسینانەش لەگەڵ زۆرێک لە لاپەڕە پەرشەکانی تری نێو جانتای کتێبخانەی ژوورەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی تەمەنم هەموویان پێکەوە ببنە بەسەرهاتی ژیانی من، یان ببنە کۆکراوەی ڕۆژێکی درێژی من، ئەوەشم لەبەرچاوبوو یاداشت و بینینەکانی ئەوێم وەک زۆر ڕووداو و نهێنیی تری ژیانم بچێتە ناو ئەو جانتا تۆزاوییەی کتێبخانەکەم کە لەماڵەوە ناوم ناوە (جانتای بەسەرهاتە نهێنییەکانم) لەوێش زۆر ئەترسام ئەو دەفتەرە پەمەییەم لێ ونبێت، چونکە بیرم نایەت لە ژیانمدا لە ماڵی خۆم چووبێتمە دەرەوە بۆ شارێکیترو لە گەڕانەوەمدا چەند کەرەستەیەکم لێ ون نەبووبێت، دواشتیش لەم سەفەرەمدا لێ ونبوو (فڵچەی ڕیشتاشین و بۆنێکی هۆگۆی فەڕەنسی و سیدییەک کە گۆرانیی تایەر تۆفیق و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی تێدابوو) ئێستاش نازانم ئەو کەرەستانە لە کوێ و لە چ ماڵ و کافتریا و فڕۆکەخانەیەک لێم ونبووە، ئەم ترسەشم لە شت ونبوون سەرگوزشتەیەکی دووردرێژی هەیە، کە سەرەتاکانی بۆ منداڵیم دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچووین بۆ دووگوڵی بۆ یاریگا خۆڵاوییەکانی دەرەوەی شار، دوای تەواوبوونی یارییەکەمان، کەمجار هەبوو لە خۆگۆڕینمدا یەکێک لە پارچە جلەکانم ون نەبێت، جار هەبوو (ژێر فانیلە، کراس، گۆرەوی و زۆر کەرەستەو شتی سەیرترم لێ ون دەبوون) تا ئێستاش بیری لێدەکەمەوە نازانم ئایا ئەو کەرەستانەم لێوندەبوو یان هاوڕێ چەتوونەکانی منداڵیم لێیان دەشاردمەوە.

هەر بۆیە لەو سەفەرانەشمدا بەردەوام جگە لە پاسپۆرتەکەم ئەو دەفتەرە پەمەییەشمم پێبوو، کە پێموابوو ئەو دووانە پردی پەڕینەوەی منن بۆ دوو شوێن، یەکەمیان بۆ سنووورە دوورەکانی نیشتمان و دووەمیشیان بۆ کەنارەکانی یادەوەری، بۆیە لەوێ لەگەڵ چوونم بۆ هەر کتێبخانە و مۆزەخانە و سینەما و هۆڵی شانۆییەک خۆمم بەراورد دەکرد بە زۆرێک لەو نووسەر و هونەرمەندە گەورانەی کە لە ژیاندا زۆر شوێن گەڕاون، هەندێکیان دوای ئەو سەفەرانەیان لەسەر ئەو گەڕانەیان شاکاری گەورەیان بە تێکست و نووسین خوڵقاندووەو هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە ناوی ئەو شارانەشیان بیرچووەتەوە کە بینیویانە، من لە نێوان ئەو دوو جۆرە کەسانەدا هەستم کرد لە ناوەڕاستی

هەردووکیاندام، بۆیە لە سلێمانییەوە بۆ ئەردەن و تا بەریتانیا ڕۆژانە هەرچیم دەبینی شەوان لەو دەفتەرەدا دەمنووسییەوە، جگە لەوەی هەندێ شت لەو دەفتەرەدا نووسراوە، وەک دەڵێن مەگەر لە ژێر گڵدا لێم ببیسترێت، چونکە پەیوەندی بە لاپەڕە نهێنییەکانی ژیانی خۆم لەو دەفتەرەدا هەیە، کە دەمەوێت هەر بەو نهێنییەش بمێننەوە (جا نازانم دوای خۆم یان لە کاتی لە دەستدانی ئەو دەفتەرەدا کەسێک هەبێت ئەو دێڕانە بنووسێتەوە یان نا؟ ئەوەیان شتێکی ترەو با ئەو پێشبینییە هەڵبگرین بۆ ئەو ڕۆژانە).

بە پێچەوانەی ترسەکەی من لە ونبوون، شانس یاوەری دەفتەرەکە بوو، ئێستا دەفتەرە پەمەییەکە لە ناو (جانتای بەسەرهاتە نهێنییەکانم)دایەو هەر شەوێک کە دەچمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم گەر جانتاکەم بکەمەوە ئەوە ئەو دەفتەرە پەمەییە لەسەری سەرەوەیە و تۆزێک سەیری دەکەم و چەند دێڕو لاپەڕەیەکی لێ پاکنووسدەکەم، سوپاس بۆ یادەوەرییم ئەمشەو تا درەنگانێک هەندێ لەو دێڕانەی نێو ئەو دەفتەرەم پاکنووسکرد، هەندێکی تریشی جارێ ماون بۆ ڕۆژگاری خۆی، گەر دەرفەتی بڵاوکردنەوەی هەموو دێڕو لاپەڕەکانیم هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەموو دێڕەکان بۆخۆیان دەبنە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژگارانەی من.

ئەمشەو بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە هەوڵدەدەم ئەو دێڕانەی لەوێ.. لە ناو دەفتەرە پەیمەییەکەدا نووسیبووم، جارێکیتر پاکنووسیان بکەمەوە، بەو هیوایەی کە لە داهاتوویەکی درەنگیشدا بێت هەندێ دێڕیتریش لەو دەفتەرەو لەو جانتایەدا بۆ خوێنەر ئاشکراکەم، ئیتر گوێنادەم بەوەی (جانتای بەسەرهاتە نهێنییەکانم) دوژمنم بۆ زیاد دەکات یان دۆست؟!

دەمزانی گرنگی و پاکنووسکردنی ئەو ڕستانەی نێو ئەو دەفتەرە بۆ بەسەرهاتە جوان و دانسقەکانی من دەگەڕێتەوە لە بەریتانیا، چونکە لەوێ دەرفەتم بۆ ڕەخسا زۆر شت ببینم، زۆر شت سەرنجڕاکێشام، بۆیە هەوڵدەدەم هەریەک لەو شت و دیمەنانە بە تێکەڵاوی لەگەڵ بەشێک لە یادەوەری لە ناو گەمەیەکی زمانەوانیدا بنووسمەوە، هەندێجاریش لە هەندێ ڕووداودا کەمێک فەنتازیا و جۆرێک لە ڕووداوم خوڵقاندووە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بە ئاراستەیەکدا بەرێت کە لە بەرامبەر دەقێکی ئەدەبیدایە و بەو شێوەیە لە ڕووداوەکانی بڕوانێت، نەک ئەوەی وا هەستبکات حیکایەتێک دەخوێنێتەوە کە نووسەرێک بینیویەتی، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت پاش ڕۆژگارێک ئەو وێنانە گەر بە تەڵخییش بن لە بەرچاوم ون نەبن و تارماییەکیان لای خۆم بمێنێت و لە کاتی خوێندنەوەی ئێستاشدا چێژێک بە خوێنەر ببەخشێت...

بیرۆکەی ئەم نووسینەو بڵاوکردنەوەی لەو ئێوارانەوە بۆم هات کە دوای گەڕان و گەشت بە چەند دێڕێک لە دەفتەرە پەمەییەکەمدا یاداشتم دەکرد، ئیتر نەمدەزانی کە ئایا ئەو دێڕانە دواتر دەبن بە نووسین یان هەر بەو پچڕپچڕییە لەو دەفتەرەدا دەمێنێتەوە؟ ڕەنگە باشترین هۆکاریش بۆ بیرنەچوونەوەی مرۆڤ لە کاتی گەشت و گەڕانەکانیدا نووسین و یاداشت بێت، من جگە لەم ڕێگەیە هیچیترم شک نەدەبرد.

ئێستاش کۆی ئەم نووسینەو هەموو ئەو بینینانەش کە لێرەدا باسمکردوون، ئەو دێڕانەن کە ڕۆژانە لەو دوو سەفەرەم بۆ بەریتانیا نووسیوومن لە (مانگی ئایار و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ ) کە بە هەردوو سەفەرەکەوە نزیکەی دوومانگ مامەوە لەو وڵاتەدا، لە شارەکانی (لەندەن و مانچستەر و لیدز، هالیفاکس و برادفۆرد) .

بۆ ئەو نووسینەش هەوڵم داوە ڕووداوەکان بە پێی ڕیزبەندیی کات نەبێت، واتە لە سەرەتای سەفەرەکەوە لە فڕۆکەخانەوە دەستمپێنەکردووە ڕووداو بە ڕووداو بنووسمەوە تا ئەو ڕۆژەی لە فڕۆکەخانە دێمەوەو دەگەمەوە کوردستان، بە پێچەوانەوە لە کۆتا ڕۆژەکانی دووهەمین سەفەرمەوە دەستم پێکردووە، هیوادارم یادەوەری

و دەفتەرە بچووکەکەی نێو جانتاکەم یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی زۆرێک لەو سەرنج و بینینە تایبەتانەم بخەمە سەر لاپەڕەو چاوی خوێنەر.

**چیرۆکێکی ڕووت.... زۆر ڕووت لە براد فۆرد.**

ئێوارەی ٢٠٠٩/١٠/١٦ وەک زۆرێک لەئێوارە تەڕەکانی تری پایز لە بەریتانیا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ ئازیزەکانم کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو لە (مانچستەرەوە بەرەو براد فۆرد) دەرۆیشتینەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، ئەو هەرچەندە پیاوێکی ڕۆشنبیرو بەئاگا بوو، بەڵام هەموو جارێک لەو ماوەیەی لە بەریتانیا پێکەوە بووین کە باسی شانۆم دەکرد، هیچ جۆرە دیالۆگێکی نەبوو لەسەری، ئەو




هۆڵی شانۆی ئەپۆڵۆ / لەندەن

ئێوارەیەش بە هەمان شێوەی جارەکانیتر لە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوەوە لەگەڵ ڕوانینم بۆ سەوزاییە بەرینەکانی نێوان ئەو دوو شارە، بەردەوام بووم لە قسەکردن، بەڵام ئەو جگە لە سەر ڕاوەشاندن هیچیتری نەدەوت، ڕەنگە هۆکاری ئەم بێدەنگییەشی لەسەر ئەم بابەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیا شانۆ ڕیتمێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش وایکردووە هەموو کەس حەزی بە شانۆ نەبێت، دەبێت ڕێزیش لە ئارەزووی هەموو کەسێک بگریت با ئەو کەسەش لە ئەورپا یان لە هەر شوێنێکی دونیادا بژی، ئەم حاڵەتەی شانۆش کە فۆرمێکی دەستەبژێریی وەرگرتووە بە بڕوای من شانۆ دەگەیەنێتەوە بە بنەما تایبەتییەکی خۆی، کە هەموو کەس حەز بە بینینی نەکات، تەنها کۆمەڵێک کەسی تایبەتمەند نەبێت، بێگومان ئەم تیڕوانینە نەک بۆ شانۆ، بەڵکو بۆ زۆرێک لە لایەنە فەرهەنگییەکانی تریش ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگرە، بەهەرحاڵ بەدەم ئەم بیرکردنەوەو خەیاڵەوە و دوای تەواوبوونی سیمینارە هونەرییەکەم، ئەو ئێوارەیەو لە نێوان ئەو دوو شارەدا بە مەبەست زۆر باسی پێشکەوتنی ڕەوتی هونەرم بۆ ئەو کرد لە ئەورووپا، بەراوردم کرد بەو پاشاگەردانییەی وڵاتی خۆمان، زۆر قسەم کرد زۆر شتم وت، بەڵام ئەو جار جار بە نیگاکانی لە ئاوێنەکانی ئۆتۆمبێلەکەیەوە سەیری ئەملاو لای خۆی دەکرد و سەرێکی بۆ ڕادەوەشاندم و بێدەنگییەکەشی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیدا تێکەڵ بە قسەکانی من دەبوو، لەوەش ناخۆشتر نییە دوو کەس بەیەکەوە بن و بەردەوام یەکێکیان بێدەنگ بێت و ئەویتریان قسەبکات، بەم شێوەیە گفتوگۆ لەسەر بابەتێک

ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبایە ئەم باسانە ئەو بیوروژاندایە، نەک من، چونکە ئەو زیاتر لە دەساڵە لەگەڵ ئەوروپییەکاندا مامەڵەدەکات و تا ڕادەیەکی زۆریش ئاگای لە ئاکار و نەریتی کۆمەڵایەتی و هونەریی ئەوانە..

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوە، من بۆیە ئەم قسانەم کرد بۆ ئەوەی ئەو بجولێنم و بزانم بۆچوونی لەسەر ئەم بابەتە چۆنە، بەڵام ئەو هەروەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێت وا بوو، هیچی لەسەر قسەکانی من نەوت و خەریکی شۆفێریی خۆی بوو، بەدەم ئەم قسانەوە گەیشتینە شارە ڕەنگینەکەی (برادفۆرد).

پاش کەمێک لە دەروازەی شارەوە بەرەو سەنتەری ماڵەکەی خۆی ڕۆیشتین کە ماڵەکەی ئەو نزیک بوو لە سەنتەری شارەوە، گەیشتینە نزیک پارکێکی قەشەنگی سەرنجڕاکێش و بە هەرچواردەوریدا تا چاو برکات گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بوو، بەلای چەپی خۆیدا ئەو بە سەری هێمای کرد بۆ بینایەکی گەورەی کۆن، وتی ئەوە یەکێکە لە هۆڵە شانۆییە کۆنەکانی ئەم شارە کە لەسەردەمی (ژەنەراڵ چەرچڵ)ەوە دروستکراوە، ئێواران دەبینیم کۆمەڵێک کەسی بە تەمەن دێن بۆ بینینی نمایشە شانۆییەکان، لێرەو لەم شارە ئەوەی من سەرنجم دابێت شانۆکان کەمترین گەنج و لاوەکان دێن بۆی، گەنجان لێرە حەزیان بە کۆنسێرت و گۆرانی و سەمایە، بەڵام بە تەمەنەکانیان ئەوانەی زیاتر باوەڕیان بە بیرکردنەوەو لۆژیکی فەلسەفییە دێن بۆ نمایشەکان، هەرچەند سەرنجم هەبوو لەسەر ئەو چەند دێڕەی، بەڵام مادام گەیشتبووینە لای هۆڵی شانۆکە حەزم نەکرد دەرگای گفتوگۆی لەگەڵدا بکەمەوە، ئەوەم هەڵگرت بۆ کاتێکیتر، یەکسەر داوام لێکرد با بوەستین و سەرێک لەو هۆڵە بدەین و گەر دەرفەت هەبوو با ئێستا نمایشێک ببینین ئەوسا دەچینەوە بۆ ماڵەوە، یەکسەر پێی وتم ئەوەی تۆ دەیڵێیت خەونێکی خۆشە، لێرە (کاری هونەری و بینینی فیلم و شانۆو دوو گوڵی) هەر وا ئاسان نابینرێت، پێویستە لانیکەم هەفتەیەک پێش بینینی ئەو شتانە بلیت ببڕیت، بە زۆریی من و کەمێک ئیحراجبوونی ئەو بە ناچارییەوە ئۆتۆمبێلەکەی پارک کردو چووینە هۆڵی شانۆییەکە (لە ڕووی ئەتەکێتی بینا و کافتریا و ڕازاندنەوەی هۆڵەکە لە ناوەوە هیچ فەرمانگەیەکی پێشکەوتووی ئێمە ناگاتە ئاستی، تەنانەت ماڵی خواپێداوەکانیشمان) دوای گفتووگۆیەکی زۆر کە نزیکەی نیوکاتژمێری خایاند هاوڕێکەم بە کارمەندی پرسگەی هۆڵە شانۆییەکەی وت ئەمە هاوڕێیەکمە و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندەو لە عێراقەوە هاتووە، دەیەوێت سەیرێکی هۆڵەکە و نمایشی ئەمڕۆتان بکات. کارمەندەکە کەمێک پێکەنی، بە ڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە وتی خۆ ئێمە (کاوبۆ) نافرۆشین ئەمڕۆ مشتەری بێت و یەکسەر بیکڕێت و بیباتەوە!! پێویستە شوێنی کورسیی تایبەتی بگرێت کە لانیکەم چەند ڕۆژێکی پێویستە، دوای گرتەو بەردەیەکی زۆر بلیتمان بڕی، بۆ سێ ڕۆژی تر بلیتی چوونە ژوورەوەش بە ٣٠$ بوو، ئیدی ئێوارەی ١٠/١٩ چووین بۆ نمایشێک کە نمایشێکی سەمائامێز بوو بە ناوی (چێژێکی ڕووت) دەرهێنەرەکەی (مارک مۆریس) بوو، گروپێکی تایبەتمەندی سەما بوون، کە لە نۆ ئەکتەر پێکهاتبوون، تەمەنیان لە (١٩ساڵ بۆ ٣٠ساڵ) بوون، دواتر لەسەر چەند ڕەفەو ستاندێک لە کافتریای چوونە ژوورەوەوە دەیان دەلیل و پۆستەر و وێنەی شانۆییەکانی ئەو هۆڵە شانۆییە دەبینرا، بە شێوازێک ئەو دەلیلانە نمایشە وەرزی و ساڵانەییەکانی ئەو هۆڵەی تێدا بوو، ئەمەش پلان و ستراتیژییەتی ئەو گروپە پیشاندەدات لە کارکردن، دواتریش بینەر دەتوانێت ئارەزوومەندانە نمایش هەڵبژێرێت بۆ بینین، دیارە دەلیلەکان وێنە و ڕیتم و شێوازی هەموو شانۆییەکانی تێدابوو، لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن و بۆ شێوازە جۆراوجۆرەکانی تری شانۆ، لەگەڵ کورتەی شانۆییەکە و ناوی ئەکتەر و ستاف و دەرهێنەرەکەیان..

نمایشەکە نزیکەی (کاتژمێرێک و چل خولەک) دەبوو، بە بێ ئەوەی لەو هۆڵەدا کە نزیکەی ٦٠٠

بینەری دەگرت چرکەیەک لە دەنگی بینەر بێت. لەو نمایشەدا هەریەک لەو نۆ ئەکتەرە بە ئازادی جەستەی خۆیانەوە هەریەکەیان گوزارشتی لە چیرۆکێکی تایبەتی خۆی دەکرد لە ناو چیرۆکی سەماکەدا.

چیرۆکی گشتیی ئەو سەمایە لە ماوەی ئەو کاتژمێر و چل خولەکەدا باسی لە پەیوەندیی مرۆڤ دەکرد بە نەستی خۆیەوە، کە چۆن خۆشەویستی و پەیوەندیی ڕۆحی لە کارێکی جەستەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کردارێکی ڕۆحانی، بە جۆرێک زۆر جار ئەو حاڵەتە ڕۆحانییەی جەستە لای ئەکتەرەکان ڕێڕەوی بیرکردنەوەیانی دەگۆڕی لە حاڵەتێکی سروشتییەوە بۆ حاڵەتێکی نا سروشتی و دایدەبڕێت لە هەموو بیرکردنەوەیەکی لۆژیکییانە لەسەر تەختەی شانۆ، لەم حاڵەتانەوە جەستە لە بەرامبەر ئەو بیرکردنەوە میتافیزیکییانە دەبووە چەند بەشێک، بەشێکیان حەقیقەتی ڕاستەقینەی خودی جەستەی ئەکتەری نیشاندەدات کە لەناو پانتاییەکی کراوەو سروشتیدا دەجولێت، بۆ نموونە (دەست بەرزدەکاتەوە، ئاو دەخوات، تەوقە دەکات، بەرامبەرەکەی ڕادەکێشێت....هتد) جەستەیەکی تریان بە پێچەوانەوە لە ناو ئەو پانتاییە کراوەدا ڕووخسارێکی جیاواز نمایشدەکات، کە جوڵەکان بەدەرە لە حاڵەتی نەستی خودی ئەکتەرەکە و هەوڵدانێکی جیاوازی ئەوە بۆ دەرخستنی جەستەیەکی وا کە لە ژیانی ڕۆژانەدا نەبینرابێت و توانایەک دەرخات لە ڕووی جوڵەی کرۆپاتیکییەوە بەدەر بێت لەو جوڵە ڕۆژانەییانەی کە چ ئەکتەر یان هەر مرۆڤێکیتر لە ژیاندا دەتوانێت بیکات، یان بە ڕاهێنان بتوانێت پێیبگات، کۆی ئەم حاڵەتانە لای ئەو ئەکتەرانە چووبوونە چوارچێوەی سروتێکی تایبەتەوە کە مەحاڵە بۆ چرکەیەکیش هەر یەک لەو ئەکتەرانە بتوانن لەو حاڵەتە ڕۆحی و فەنتازییە دەرچن!

لایەنی زمان لە نمایشەکەدا زمانی ئاخافتن نەبوو، زمانی جەستەبوو، بۆیە تێگەیشتن بۆ من و هەریەک لەو بینەرانەش زۆر ئاسانتر بوو لە نمایشێک کە ڕەنگە گرفتی زمان نەهێڵێت بە تەواوەتی چێژی لێببینیت.

دوا سەرنجم لەسەر ئەو نمایشە سەما ئامێزە بەراوردکردنێکی خێرای ئەو نمایشە و ئەو نمایشە بەناو سەمایانەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا چێژی بینەریان پێدەکوژرێت، نمایشە بالییەکانی وڵاتی ئێمە لەیەکەم چرکەیەوە تا تەواوبوون جگە لە کۆمەڵێک جوڵەی عەفەوی، بینەر هیچیتر نابینێت، پێچەوانەی ئەو نمایشەی کە من بینیم هەموو جوڵەکان لە ماوەی ئەو کاتژمێر و چل خولەکەدا لە ناو یەکەیەکی ڕێکخراودابوو، کە بینەر بە بینینی هەستی بەوە دەکرد کە ئەو جوڵانە وەک کۆمەڵە ئەڵقەیەکی نێو زنجیرێک پێکەوە بەستراون، گەر ئەڵقەیەکیان دەربهێنیت زنجیرەکە دەپچڕێت.

دوای تەواوبوونی نمایشەکە و چەپڵە پێنج خولەکییەکەی بینەران، هاوڕێکەم لەژێرەوە نیگایەکی تێگرتم و هەستمکرد دەیەوێت پێم بڵێت ئایا تووشی شۆک نەبوویت لەو هەموو ئەفسوون و سیحرەی کە لە جەستەی ئەو ئەکتەرانەدابوو؟! بە بێدەنگی لە هۆڵەکە هاتینە دەرەوەو بەرەو ماڵ گەڕاینەوەو نیوەشەوێکی درەنگ هەندێ بینین و سەرنجی خۆی پێوتم لەسەر ئەو نمایشە، کە بەشێک لەو سەرنجانەی ئەو لە ناو ئەم نووسینەدا جێگەم کردووەتەوە.

**لە هیسرۆوە بۆ مانچستەر...**
**دیمەنە خێراکانی یادەوەری**

لەیەکەم چرکەی گەیشتنمان بە ئاسمانی فڕۆکەخانەی هیسترۆ لە لەندەن، دوای نزیکەی دوو هەفتە لە چاوەڕوانی لە سەفارەتی بەریتانیا لە ئوردن، بە شێوەیەکی عەفەوی هەریەکەمان لەو هەشت کەسە لە ناو فڕۆکەکەدا بە جۆرێک گوزارشتی لەو خۆشییە دەکرد، تا ئەو کاتەی بڵندگۆی فڕۆکەوانەکە وتی: (داوای لێبوردن دەکەین

ڕەنگە بەهۆی زۆریی گەشتی فڕۆکەوە نزیکەی چل خولەکێک بە ئاسمانی هیسرۆوە بمێنینەوە، دیاربوو زۆرێک لە خەڵکانی نێو فڕۆکەکە بەلایانەوە ئاسایی بوو، چونکە پێموابێت جگە لە ئێمە هەموو ئەو کەسانەی تر چەندین جار سەفەریان کردووەو ئەوەش شتێکی ئاساییە لە گەشتی فڕۆکەدا، بەڵام کارێکی دەروونی خراپی کردە سەر ئێمە، ترسی ئەوەمان هەبوو فڕۆکەکە بکەوێتە خوارەوە، چونکە چیرۆک و ئەفسانەی زۆر لەو شێوەیەمان شەوی ڕابردوو لە ئوردن گێڕایەوە، بە هەر حاڵ دوای ئەو ماوەیە فڕۆکە لە زەویی فڕۆکەخانەی هیسرۆ نیشتەوە، ئەوەی ئەو ڕۆژە لە فڕۆکەخانە بینیمان جۆرێک خورپەی لا دروستکردم، بە تایبەتیش فڕۆکەخانەیەک کە بە یەکێک لە فڕۆکەخانە گەورەکانی جیهان دادەنرێت و باس لەوە دەکرێت هەموو خولەکێک فڕۆکەیەک دەنیشێتەوەو فڕۆکەیەک دەفڕێت و گەشتی ڕاستەوخۆ بۆ ١٢٠ وڵات ڕۆژانە لەو فڕۆکەخانەیەوە دەکرێت، تا چاو بڕکات مرۆڤ دەبینرێت لەو فڕۆکەخانەیەدا، ئەوەی لە کەشتییەکەی نوح دەچوو لە هەموو ڕەگەزو ڕەنگ و ڕووخسارێک لەو شوێنەدا دەبینرا، بە هەر چوار لای ترمیناڵدا خەڵکمان دەبینی بە خۆی و جانتاکەیەوە ڕایدەکرد، زۆر سەیرە هەموو ئەو مرۆڤانەش کە سروشتیان واهەڵکەوتووە کەسێکی ئارامن لە ژیاندا، بەڵام کە دەگەنە ئەو فڕۆکەخانە گەورانە لەخۆیەوە تووشی جۆرێک لە خێرایی و هەڵەشەیی دەبن، ئەو ڕاکە ڕاکە گەر لە دووریی چەند مەترێکی ئاسمانەوە وێنەبگیرێت دەڵێیت ئەو کەسانە بەدوای ڕوویداوێکەوەن کە ڕوویداوەو دەیانەوێت زوو پێیبگەن. لەم هۆڵ بۆ ئەو هۆڵ بە خۆمان و جانتاکەی پشتمانەوە ڕاماندەکرد تا گەیشتینە ئەو هۆڵە گەورەیەی کە بێئەندازە گەورە بوو، تابلۆی چەند هونەرمەندێک لە پشتەوەی فەرمانبەرەکانی نێو فڕۆکەخانە هەڵواسرابوون، حەزمدەکرد بزانم ئەوە تابلۆی چ هونەرمەندێکن؟ بەڵام هەر حەزبوو تا ئێستاش نەمزانی تابلۆی چ هونەرمەندێکن.

ئینگلیزەکان بە سروشتی خۆیان حەزیان بە هەڵواسینی تابلۆی شێوەکارییە، لە ماڵ و ئۆفیسی کارکردنیان، ئەمە بووەتە نەریتێکی باوی ئەوان، بە ئەندێشە بیرم لەو تابلۆیانە دەکردەوەو بە جەستە بەرەو ئەو ڕیزە ڕامدەکرد کە سەرنشینی فڕۆکەی وڵاتان بۆ بەریتانیا بەستبوویان، کە نزیکبووینەوە زانییان ئێمە ئەو هەشت کەسە پێکەوەین و سەیری ڤیزە و پاسپۆرتەکانیان کردین، پێیان وتین ئەوە ڕیزی تایبەتی ئێوەیە، دیارە سیستەمی ئەو فڕۆکەخانەیە وایە هەر ڕیزەی تایبەتە بە کەسانێک، ڕیزی ئێمە ڕیزی هونەرمەند و ئەو کەسانەیە کە بە گەشتی هونەری دێنە ئەو وڵاتە، ڕیزێکیتر ڕیزی بزنز و بازرگان، ڕیزێکیتر ڕیزی خوێندکار و فەرمانبەرانی دەوڵەت....هتد

لەم وێستگەیەدا بۆ تێگەیاندنی ئەو فەرمانبەرانەی فڕۆکەخانە پێویستمان بە کەسێکی زمانزان بوو، چونکە یەکەم پرسیار لە فڕۆکەخانە کە لێیان کردین بە پێکەنینێکی سادەوە ئەو خانمە لە بەردەم مێزێکی بەرزی جەنجاڵ بە وەرەقە و قەڵەم و لاپتۆپ و مۆبایل وتی (بەخێربێن بۆ بەریتانیا، بۆچی و ئامانج لەم سەفەرەتان چییە؟) من یەکەم کەس بووم کە هاتمە دواوە، ئەوەی کە من شکم ببردایە تەنها فەرەیدون کەریم بوو بیتوانی یایە وەڵامێکی کورتی کەم وشە بداتەوە کە ئامانج لەم سەفەرەمان چییە؟ لە شوێنی خۆم وەستام و بیرم لەو وتانە دەکردەوە کاتی خۆی بیستبووم کە دەڵێن مردوو ئەو کەسەنییە دەچێتە ژێر گڵ، مردوو ئەو کەسەیە کە دوو زمانی زیندووی جیهانی نازانێت! ڕەنگە بەو وتەیە بێت ئێمە ئەو هەشت کەسە هەشت مردووبین ڕۆیشتبین بۆ ئەوێ، بە هەر حاڵ کاری فەرەیدون ڕاستبێت لەو کێشەیە ڕزگاریکردین، دواتر و لە دووەم سەفەرمدا ئەوەم بۆ دەرکەوت ئینگلیزەکان هەرگیز بەو کەسە پێناکەنن کە زمانەکەیان نازانێت، یان کەمێک وەک ئێمەومانان دەیزانێت. گەر ئەوەم بزانیایە یان هەرکەسێکیتریشمان ئەوەی بزانیایە بە دڵنیاییەوە بۆ زۆر شت لەو فڕۆکەخانە گەورەیەدا

دانەدەمابین، دووەم سەفەرم لە فڕۆکەخانەی (گادویک) هەمان ئەو پرسیارانەی کە ئەو خانمە لێیکردین، ئەم جارەش پیاوێکی باڵابەرزی تەمەن ٦٠ساڵی قژ سپی بە پێکەنینێکی ماندووەوە هەمان پرسیاری لێکردم، هەمووی وەڵامم دایەوە، بەڵام خۆم پێدەکەنیم بە زمانەکەی خۆم. ئەو نەک هەر پێنەدەکەنی، بەڵکو وایدەزانی گوێ لە گەنجێکی وڵاتەکەی خۆی دەگرێت و لەسەفەری وڵاتێکیتر هاتووەتەوە..

لەگەڵ یەکەم هەنگاومان لە هاتنە دەرەوە لە فڕۆکەخانەوە بۆ شوێنی پێشوازیکردن (سامان و سیروان و میران) بە دیارمانەوە وەستابوون، بۆ من چرکەساتێکی زۆر سەیر و چاوەڕواننەکراوبوو، سامان و سیروان وەک دوو هاوڕێی زۆر نزیک کە زۆرێک لە ڕۆژەکانی تەمەنمان پێکەوە بردە سەر، سیروانم نزیکەی ١٠ساڵ نەبینیبوو، ئەوە لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ژیانی شەوو ڕۆژمان چ لە پەیمانگە چ لە شەقامەکانی هەوارەبەرزە و سالم و سەرچنار پێکەوە بردە سەر، بەدەر لەوەی دەیان و سەدان شەو تا بەیانی بە دیار فیلم و کتێب و وێنەکێشانەوە بووین، بەڵام ئێستا دە ساڵە هەموو ئەو چرکانە ونبوون و هەمووی لەو ساتەدا کۆبوونەتەوە کە ئێستا لە هۆڵی پێشوازیی فڕۆکەخانەدا وەستاوە، ئەوان بە شێوەیەکی زۆر عەفەوییانە لە ناو ئەو شوێنە قەرەباڵغەدا هاواریان بۆ کردم و باوەشیان پیاکردم، ناتوانم زۆری و کەمی ئەو چرکەساتە خۆشە گوزراشت لێبکەم، ئەوەندە نەبێت ئەو ساتە لە ساتێکی ڕۆحی زۆر گەورە دەچوو..

میرانیش وەک برایەک ڕاستە سێ ساڵ لەمن بچووکترە، بەڵام هەرگیز بە ناسنامە نەبێت هەستم بەو براگەورەو بچووکییە نەکردووە. من و ئەو وەک هاوڕێ بووین بۆ یەکدی، بەڵام هاوڕێیەک کە کەمترین قسەی تێدابێت و زۆرترین گوزارشت و ڕێز، هەمان دیمەن ئەو گریا، منیش گریام، ئەو کاتێک ئەم وڵاتەی بەجێهێشت تەمەنی بیست ساڵ بوو، ئێستا سی ساڵە. تەمەنێکی زۆرە...

بەو سێ ئۆتۆمبێلەی ئەوان لە لەندەنەوە بەرەو مانچستەر، بەڕێکەوتین، مانچستەر ئەو شارەی وەک ئەفسانەیەک چوار مانگ لە کوردستانەوە چاوەڕوانی بووین تا پێیبگەین و نمایشی شانۆ و فیلم و تابلۆی تێدابکەین، ئێستا لەو ڕێگەیەوە کە لە خەیاڵی هەر یەکەماندا بوو، چوونە مانچستەر بووە واقیع و بە ئۆتۆمبێلەکەوە وردە وردە لەو خەونە نزیک دەبینەوە، ماوەی نێوان مانچستەر و لەندەن بە هێڵی خێرای ئۆتۆمبیلی بچووک نزیکەی چوار کاتژمێرە، بە شەمەندەفەریش ٢کاتژمێرە، میران شۆفێریی دەکرد، هیوا ڕەئوف لە پێشەوە من و ئامانج ئیبراهیم لە دواوە، ئەم سێ کەسە بەر ئۆتۆمبێلەکەی ئەو کەوتین، ئەوانیتریش لە ئۆتۆمبێلەکەی سیروان و ساماندا بوون، قورسە دوای دە ساڵ دابڕان چۆن ڕایەڵەیەک دەدۆزیتەوە بۆ دروستکردنی پرسیارو گێڕانەوەی ونبوونی ئەو دەساڵە لە تەمەنی برایەتیمان، ئامانج هەندێ پرسیاری کرد، هەریەک لەو پرسیارانە پێویستی بە وەڵامی گشتی و دوورو درێژبوون، بەڵام میران هەمووی بە یەک وشە و دووان وەڵامی دەدایەوە، دەبێت ئەوەش بڵێم میران بە سرووشتی خۆی کەم دووەو کەم قسەدەکات، ڕەنگە ساڵێک لەگەڵیدا بژیت تا پرسیاری لێنەکەیت زۆر بە کەمی قسە بکات. بیرمە ئامانج پێی وت (کاکە میران چۆنیت، بە شێوەیەکی گشتی ژیان لەم وڵاتەدا چۆنە؟) ئەم پرسیارە پێویستی بە قسەکردنە لەسەر فۆڕمی ژیان لە بەریتانیا هەیە، ئەو وتی باشین. هەر وا دەبێت، چەند پرسیارێکی تری لێکرد ئەو هەروا بە کورتی وەڵامی دایەوە، ئامانج ڕوویکردە منو وتی بە قەبری باوکم مەکینەی ئینگلیزی لەسەرە... دیارە ئینگلیز بەوە ناسراون هێندەی پرسیار وەڵامت دەدەنەوە، زۆرجار وەڵامەکەیان لە پرسیارەکەت کورتترە.

بەدەم ئەم قسانەوە من لە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری سروشتی تەڕی ئەو ڕێگەیەم دەکرد کە تا چاو بڕکات سەوزایی و ڕەنگاو ڕەنگ



دیمەنێک لە سەمای چێژی ڕووت

بوو، جار جار هێڵێکی ڕەشم دەبە زانیم ئەو هێڵە ڕەشەی لە ناو سەوزاییەکاندا هەیە هێڵی شەمەندەفەرە، دەبێت ئەوەش بڵێم هەموو گوندو شارو شارۆچکەیەکی ئەم وڵاتە هێڵی شەمەندەفەری بۆ دەڕوات، دیارە سواربوونی شەمەندەفەرەکانی ئەویش تامو چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی مۆدێلی زۆربەیان تازەن و زۆربەی ئەو شوێنانەشی کە پێیدا دەڕۆن سەوزایی و ناو باخ و درەختن.

من لەم بیرکردنەوانەدا بووم، وەک کەسێک لە هۆشی خۆی چووبێت تەنها بە جەستە لە ئۆتۆمبێلەکەدا بێت و بە ئەندێشەو بیرکردنەوە لە شوێنێکیتر، وەک دەڵێن وێنەکانی ئەندێشە خێرایەکانی لە ڕادەبەدەرن، هەروەک ئەوەی لەو ماوە کەمەدا بیرم چوو بۆ زۆر ساتی منداڵی و پێکەوە بوون و ئالوودەبوون بە یەکتری و زۆربەی کاتەکانی تەمەن بەیەکەوە بووین چ لە قوتابخانە چ لە کۆڵان و یاریکردن و لە زۆر جێگەی تریش، تەنانەت لە بیرۆکەی سەفەرکردنیش بۆ ئەوروپا، بەڵام دیارە ڕێکەوت ئەوی گەیاندە بەریتانیا و منی لێرە هێشتەوە، هەر لەو کاتانەشدا بیرم لەوەدەکردەوە کە چۆن ڕۆژانێک ئێمە و سەدانی وەک ئێمە بە ترس و دڵەڕاوکێ و موغامەرەکردن بە ژیانمانەوە سنووری ئەم وڵات بۆ ئەو وڵاتمان بە چەندین مانگ دەبڕی تا بگەینە وڵاتێک و بتوانین تێیدا بمێنینەوە، بەڵام ئێستا وا بە بێ هیچ گرفتێک لە فرۆکەخانەو بە پاسپۆرتی خۆمان زۆر بە ئاسانی لە بەریتانیا دادەبەزین و هیچ ترس و دڵەراکێیەکی گرتنمان نییە.

لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا وردە وردە لە مانچستەر نزیکدەبینەوەو منیش لە دواوە سەرم ناوە بە جامی ئۆتۆمبێلەکەوەو چاوەکانم لەسەر ئەو دیمەنە خێرایانە ناتروکێنم کە لە ئۆتۆمبێلەکەوە دەیانبینم، ئەندێشەی من لەناو ئەو دیمەنانەدایە کە باسمکردن، جەستەشم لە تەنیشت ئامانجەوەیە لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدا، ئاگاشم لێیە ئەوان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا لە گفتوگۆیەکی چڕدان، ئایا کاممان قازانجمانکردووە؟ ئێمە کە لە کوردستان ماینەوە یان ئەوان کە ئێستا لە ئەوروپادان؟ بە بێ ئەوەی هیچ بەشدارییەک بکەم لەو گفتوگۆیەدا ئەوان هەموویان لەو گفتوگۆیەدا لەیەک خاڵدا یەکییان گرتەوە کە سەفەر و گەشت بۆ مرۆڤ کارێکی زۆر پێویستە و مرۆڤ کە لە دایکدەبێت کائینێکی ناتەواوە تا ئەوکاتەی گەشت بە شار و وڵاتاندا دەکات و دیمەنی دەرەوەی شارو وڵاتەکەی خۆی دەبینێت، ئەوسا دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ و توانای هەڵبژاردنی شوێنی ژیانی خۆی هەیە، بێگومان ئەو گەشتانەش توانای جیاکردنەوەی زیاتر بە مرۆڤ دەبەخشن کە

ئایا مانەوە باشترە لە وڵات یان بەجێهێشتنی، بەداخەوە ڕەنگە زۆر کەمبن ئەو هاووڵاتییانەی وڵاتی ئێمە کە لە ئەزەلەوە ئەم ئیختیارەیان خرابێتە بەر دەست، بۆیە من پێم وابوو ئەو گفتوگۆیەی ئەوان جۆرێکە لە قسەکردنێکی سیزیفیانە و دواتریش بێئەنجام کۆتایی دێت.

ئەوان وا هەستیاندەکرد من نووستووم و لە ڕێگەدا زۆر شەکەت بووم، بەڵام لە ڕاستیدا من لە ناو ئەو ئەندێشەیەدا بووم کە باسمکردن، دوای زیاتر لە چوار کاتژمێر گەیشتینە دەروازەی شاری مانچستەر، ئەو شارەی نەک بەلای ئەو بیانییانەی سەردانی دەکەن، بەڵکو بەلای ئینگلیزەکانیشەوە وەک ئەفسانە و شارێکی پڕ لە فەنتازیا سەیری دەکەن. ئەو شارە یەکێکە لە شارە گەورەکانی بەریتانیا، جگە لە یاریگای نێودەوڵەتیی مانچستەریوناتید و فڕۆکەخانەی مانچستەر و زانکۆی نێونەتەوەیی مانچستەر، خاوەنی سەدان هۆڵی سینەما و شانۆ و دەیان مۆزەخانە و بازاڕی مۆدێرن و شوێنی سەیرو سەرنجڕاکێشە، هەموو ئەمانەش وایانکردووە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕووبکەنە ئەو شارە، لە سەرووی هەمووشیانەوە یاریگای (مانچستەر یونایتد)ە، کە یانەکەی یەکێکە لە یانە زۆر بەهێزەکانی بەریتانیا و ئەوروپا و لایەنگرێکی زۆری هەیە نەک لە ئەوروپا، بەڵکو لە کوردستان و زۆر وڵاتی تری دونیاش. من لەو ماوەیەدا ئەم یاریگایەو زۆرێک لەو شوێنانەی ترم بینی و وێنەی یادگاریم تێداگرتن.

پاش نیوکاتژمێر لە گەیشتنە شاری مانچستەر، گەیشتینە ماڵی کاک ئامانج مەردۆخی، سەرۆکی بنکەی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی لە مانچستەر، کە ئەو وەک هونەرمەندێکی شێوەکار ڕۆڵێکی زۆری بینی لەو بانگێشتەی ئێمە بۆ بەریتانیا.

